# کورتەی بەسەرهاتێك بۆ خوێندن

**نامەیەکی کراوە**

**بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و**

**وەزیری ڕۆشنبیری و موستەشارەکانیان و لەڕێی ئەمانیشەوە**

**بۆ گەنجانی دەڤەری هەرێم**

**بەتایبەت ئەوانەی**

**پڕۆژەی خوێندن و چالاکی و پڕۆژەی هونەرییان هەیە،**

**هەروەها حیزبی نین؟؟!!**

**پاش سلاو ...هەروەك بەڕێزتان وجەنابی ڕاویژکارەکاتان ئاگادارن..بۆ ئەوانەش کە نەیانزانیوە؟!**

**کە ساڵی پارو لەمانگی شوباتەوە من لەسەر ئەرکی خۆم خوێندنێکی یەك ساڵەم لەبواری سینەما (دەرهێنان و فیلم سازی ) لەولاتی ئێران و لە تارانی پایتەخت پەیدا کرد ( ئەمەش بە هەوڵ و کۆششی خۆم و هاوکاریی برادەرە فیلمسازە کوردەکانم لە ئێران ..لەڕێی ئەنتەرنێت و تەلەفۆنەوە و پاش مەسرەفێکی زۆر..) ناوم هاتەوە ..پاشان چومە ئێران و قبولێم وەرگرت و 2 مانگ دواتر چوم بۆ تاقیکردنەوەو لەوێش سەرکەوتنم بەدەستهێنا و گەڕامەوەو پاش 10 ڕۆژ بە فاکس قبولێیەکەم بۆ هات و منیش دەستم کرد بە مامەڵەکردن و لەبەڕێوەبەرێتی هونەری سینەمای سلێمانییەوە دەستم پێکردو پاشان وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی و پاشان وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێرو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی هەولێر و دواتر وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و دواتر وەزارەتی ڕۆشنبیری و.... پاش گێرمەوکێشەیەکی زۆر و هاتوچۆیەکی زۆرم لەنێوان وەزارەتی ڕۆشنبیری و دارایی‌هەولێر و دوو وەزارەتی تری هەرێم بۆکاروباری ڕۆشنبیری و دارایی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ..دوای دنیایەك ڕۆتینی بێ مانا ( مەبەستم لە ووشەی بێ مانا: کەسێك 3مانگ هەموو هەفتەیەك 4 ڕۆژ لەهەولێرو 3 ڕۆژلەسلێمانی بەسەر ببات؟! ئەمە کوشتنی توانای مادی و هەستی هونەرمەند و فەرمانبەر نەبێت چ ناوێکی تر هەڵدەگرێت..، سەرئەنجام بۆم دەرکەوت وەزارەتی ڕۆشنبیری دوای دەستی دەستییەکی زۆر و بێ بنەما ڕفزی داواکەو خوێندنەکەو هەموو هەوڵەکانی کردوم...؟!) و بەمەش دوو زەرەری گەورەی لە منداوە**

**یەکەم : توانا هەوڵە مەعنەوییەکانم لەماوەی 2 ساڵدا بەخەسارچوو.. دووەمیش لەبواری مادییەوە نزیکی پینج هەزار دۆلارم لەگیرفانی خۆم خەرجکردبوو ئەویش.. ڕۆشت ...دوا جار کەنەتیجەم دەست نەکەوت و توانای هاتوچۆی هەولێرم نەما ... نامەیەکم بۆ جەنابی وەزیر نوسی وشتەکانم بۆ ڕونکردەوە و وەلامی نەبوو وە ڕاوێژکارە بەڕێزەکەی جەنابی وەزیریش پێی گوتم نەك سەرۆکی هەرێم خواش هەستێ من بۆت ناکەم .. چونکە دوای بێزاری و مناقەشەی زۆرمان پێم گوت هەفتەی پێشوو جەنابی سەرۆکی هەرێم لەگەشتەکەی بۆسلێمانی و لە کۆبونەوەی لەگەڵ هونەرمەندانی سلێمانی وتی یارمەتی گەنجان و هونەرمەندان ئەدەین بەتایبەت بۆ خوێندن بۆ دەرەوەی وولات؟؟؟**

**هەر ئەو بەڕێزە فەرموی من سەرۆکی هەرێم ناناسم ..وەوتیشی سەرۆکی هەرێم بۆ خۆی وت؟!**

**بۆ ڕاستی و دروستی قسەکانیشم بەشێك لە نوسراوەکانم کردووەتە پاشکۆی داواکەم و داوای منیش لە وەزارەت و حکومەت تەنها ئەوە بوو هاوکارییەکی مادی گونجاو بکرێم تا خوێندنەکەم بخوێنم و ئەمەش تەنها بۆ خوێندنێکی هونەرییەو سودەکەشی بۆ خزمەتی میللەتە نەك بۆ شتێکی شەخسی و پاشان خوێندنی هونەری سینەما بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە نەك لەبەر ئەوەی من لەو بوارەدام بەڵکو ئەم هونەرە دەتوانێت بەقەد سیاسەت و هەندێك جار زیاتریش کار بکات . ئەگەرچی زۆر جارو بەتایبەت لە هەردوو فیستیڤاڵی فیلم لە هەولێر و سلێمانی وەزیری ڕۆشنبیری تەئکید دەکاتەوە لەگرنگی سینەما ، کەچی جگە لە پەکخستنی هونەری سینەما بەعەمەلی هیچی تری نەکردووە ،ئەمەش وە نەبێ تەنها باسی خوێندنەکەی خۆم بکەم بەڵکو ئێوە بەنوسراوێکی خۆتان ئاسا (فەرمی) هەموو کاروباری سینەماتان ڕاگرتووە لەکوردستاندا**

تاكاتێكی نادیار ( بانێكه و دوو هەوا ، چەنی بەچەند؟؟؟).جگە لەمە بەڕێزم ئێمە وەك سینەماكار لە هەلێرو سلێمانیش شەرمەزار بوین لەبەردەم میوانە بیانییەكانمان كە لەهۆڵێكی ساردو سڕ و بۆگەنی هەولێر و هۆلێكی بچوكی كۆمەڵ لە سلێمانی چەندمان درۆ كرد بۆ بێپارەیی و داماوی و ئەركی قورسی حكومەت دوژمنی زۆر و وڵاتێكی وێران لەمبەرامبەر میوانەكان ، بەلاّم لە هۆڵەكەی هەولێر میوانێك كەپانتۆڵكەی بە تەنەكەكانی كورسی دانیشتن دڕابوو پێی وتین ئەمەش دەستی تیرۆریستانە ، ببورن بۆ ئەمەیان ئیتر دیفاعمان پێ نەكرا هەروەها بۆ نەگبەتی جەنابلی وەزیر لە فیستیڤاڵكەی سلێمانیش باسی هۆلە جوانەكانی دەست پێكردەوە كەخەڵك كراسی دڕابوو قۆپچەی پێوە نەمابوو باوەڕبكەن بۆنی عەرەقی قەرەباڵغی ئەو جەماوەرە هونەر دۆستە و خۆمان وا ئاوێزان ببو هەموان خەریك بوو دەخنكاین و جەنابی وەزیریش باسی ئاینی زەردەشتی و قوربانی بۆ دەكردین ، گەنجێك وتی بابە هەموان مێژوی زەردەشت و نەبونی قوربانی دەزانین لەو ئاینە، با فیلمەكان ببینین خۆمان بوینە قوربانی؟؟ برادەرێكی تر وتی توخوا هۆڵی ڕۆشنبیریمان بۆ چاكبكەنەوە هۆڵی تازەمان ناوێ؟؟، برادەرێكی تر لەولاوە وەلاّمیدایەوە و وتی، ئێوە بەڕاستتانە تاوەكو پارە هەبێت لەكوردستاندا نابینن ئەو هۆڵە چاكبكرێتەوە ،

تێبینی :

هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی لەكۆتایی سالی 2003 وە بەمەبەستی تەعمیر تێكدراوە و تائێستا وەك خۆیەتی ..وەك دەڵێن هۆڵكەی دەرەوەی دراوە بەكرێ بە دارتاشەكەی تا هەقی ئەو پارەیە وەردەگرێتەوە كە ئیشی بۆ حكومەت كردوەو پارەكەیان نەداوەتەوە ..فەقیلرە خۆ داگیری نەكردووە هەقی خۆی وەرگرت و قەرزی سەر حكومەت تەواو بوو چۆڵی ئەكات خۆ نایكاتە دوكان؟؟.

گەرچی زۆر دور كەوتمەوە لەبابەتەكەی خۆم ..بەلاّم ئەمانەش داخی هەموان و داخی داخانن ؟

تەنها یەك تێبینی بە پێویست دەزانم كە بەڕێزتان ئاگاداری بن ، ئەویش ئەوەیە

كە بەڕێزان :

سەرۆكی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری دارایی و بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانی و بەڕێز ڕاوێژكاری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بۆ كاروباری هونەری ڕەزامەندن لەسەرداواكەم ..تەنها و تەنها بەڕێز وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاوێژكارە بەڕێزەكەی نەبێت (ع. ح) ڕازی نییە و جەنابی وەزیریش تەنها بە قسەی ئەو دەكات ئەمە لەكاتێكدایە كەئەو ڕاوێژكارە بەڕێزە دەفەرموێت من حساب بۆ سەرۆكی هەرێم و كەس ناكەم و خواش هەستێت من نایكەم..

، ئەمە دەقی قسەی خۆیەتی لە وەلاّمی ئەوەی پێم گوت بەڕێز سەرۆكی هەرێم دەڵێ یارمەتی گەنجان و هونەرمەندان دەدەین بۆ خوێندن؟! لەمەش سەیرتر جارێكیان من لە سلێمانییەوە بەدوای ئەم مەسەلەیەدا چوم، كە چومە ژورەوە بۆ نلو وەزارەت یەكێك لە پۆلیسەكان دوام كەوتبوو ئەیوت تۆ بۆچی هاتویتەتە ژورەوە وەرەدەرەوە،پاشان پێیان وتم جەنابی موستشار توڕە بووە ئەڵێ ئەگەر نەڕواتە دەرەوە ئاسایشی بۆ بانگ ئەكەم ؟ پرسیم بۆ .. وتیان تۆ فەرمانبەری وەزارەت نیت و دەبێت دوای كاتژمێر 10 بێیتە ژورەوە ، خۆش دەوام ، سەیر لەوەدایە دوای 4 مانگ و پاش ئەوەی چومە لای موستشاری سەرۆكی حكومەت و شكاتم كرد ئەنجا جوابە ڕەفزەكەی خوێندنم لە وەزارەت وەرگرتەوە. بۆیەش چومە لای ئەو بەڕێزە چونكە لە ڕۆژنامەی ئاسۆ دا فەرموو بوی بەڵێ حكومەت یارمەتی گەنج دەدات بۆ خوێندن و چونە دەرەوەش ، هەر بۆ بەڵگە بەڵگەكانی خۆم بۆ برد ؟!.

من ئەمە وا دەخوێنمەوە كە لە نوسراوەكەم نوسراوە سنوری سلێمانی و بۆیە ڕەفز كراوە، ئەمەش پێچەوانەی هەمووپەرەنسیبەكانی حكومەت و وەزارەت وبەڕێوەبردن و گشت قیەمەكانی كوردەوارییە، هەروەها گرفت دروست كردنە بۆ هونەرمەندان و هەموو ئەو كەسانەی لەم دەڤەرەوە كاریان دێتە بەردەستی ئێوە ..ئەمەش وەك هەموو ئەو پڕۆژانەی بەڕۆتینی بێ مانا یەك خراون لەم دەڤەرە.؟! من بۆ مێژوو دەیڵێم ناتوانم هەرگیز لەو غەدرە خۆش ببم كەبەشی زۆری دەكەوێتە ئەستۆی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری.. چونكە زیاتر لە دە جار هاتمە هەولێر بۆ بینینیان تا گرفتەكەی تێبگەیەنم و

ئەو ئامادە نەبوو گوێم لێبگرێت..سەرەتاش بەوە دەست پێدەکەم کە هەموو گفت و بەڵێنەکانی سەبارەت بەهونەرو پێشکەوتنخوازی و ..هتد دەخەمە ژێر گومانەوە.. وپاشان مێژوو زۆر شتی دی ڕوندەکاتەوەو منیش بەردەوامم لە کاری هونەری خۆم .

لەگەڵ ڕیز وسوپاس.

لەکۆتاییدا بەپێویستی دەزانم بڵێم:

من سەر بە هیچ ڕێکخراوو حیزبێکی سیاسی نیم تا هەندێ تەفسیری بێ بنەمام بۆ بکەن، مەگەر گرفتەکەم بێلایەنی حیزبی بێت نەك هەڵوێستی ئینسانی و نەتەوەیی و...هتد

دوا وتەشم تکایە بابەڵێنەکان لەجێی خۆیدا بن ..چونکە درۆزن تەنها شەرمەزاری و ڕووڕەشی بۆ دەمێنێتەوە .

ئەم بابەتە پێشتربەکەمێك دەسکاریەوە لە هەفتەنامەی هاولاتی بلاوبوەتەوە .


خالید حەمەلاو

دەرێنەرو فەرمانبەر لە

بەڕێوەبەرێتی هونەری سینەما/سلێمانی

2007/1/ 23

Xalid77lawa@yahoo.com